# له سێدارەدانی تاوانبارانی هەڵەبجەو ئەنفال بۆ له کوردستان؟

جەمال مەحمود

ماوەیەکه دەنگۆی ئەوه هەیه که تاوانبارانی کارەساتەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال بهێنرێنه کوردستان و بەتایبەت شاری هەڵەبجه، وه لەوێ بەبەرچاوی خەڵکەوه تۆڵەیان لێبسەنرێتەوەو سوکنایيەک بەدڵی کۆستکەوتوانی ئەو شارەدا بێننەوه. ئەمه لێرەدا ئەوەی خاڵی بەرچاوو سوودمەند بێت لەم کارەدا تەنها رووه عاتفەکەیەتی و بە کورتی سووکناییەکەیه که دێ به دڵی ئەو خەڵکەداو ئەویش تەنها بۆ ساتێک و دەبرێتەوه، بەڵام ئەی دوای ئەوه چی روودەداو ژیانه شاراوەکانی که ئێستا لەبەر ئەم کەف و کوڵه هەستی پێ ناکرێت دوایی دەردەکەوێت و دەوترێت چی؟ کەم نەبوون ئەو هەموو مەرقەد و حوسەینیانەی که له دوای له سێدارەدانی شیعەییانەکەی سەدام حسەین تەقێنرانەوەو چەندەهاخەڵکی بێتاوان تێدا چوو. هەروەها ئەو کاره گورێکی توند تری دا به ناکۆکی نێوان سوونەو شیعه که کار گەیشته حەوەی دیوار له نێوان گەرەکەکاندا درووست بکرێت و ئێستاش ئەو توندو تیژییه درێژەی هەیەو رۆژانه دەیەها کەس دەبنه قوربانی عەقڵیەتی تۆڵەی شیعەگەرایی. جا بۆیه به هەر شکڵ و شێوەیەک که دەکرێ دەبێ رێگه له دووباره بوونەوەی ئەو سیناریۆ رەشه بگرین ونەیەڵین خەڵکی کوردستان لەو شەره تایفی و لابەلایانەوه بحاڵێنرێت و دەبێ بۆ هەموو لایەکی بسەلمێنین که ئێمه گەلێکین به شوێن تۆڵەی شەخسییەوه نین هەرچەنده هیچ کاتێکیش له بچوکترین مافی رەوای خۆمان نابوورین بەڵام به رێگەیەکی یاسایی. ئەوه گرنگ نیه تاوانباران له کوێ به سزای خۆیان دەگەن، بەڵکو گرنگ ئەوەیه که خەڵکی کوردستان هەنگاو به هەنگاو به شوێن داواکاریه رەواکانی خۆیانەوه ن بن به شتێکی کەم زۆرینەی مافەکانیان لەدەست نەدەن. ئەمرۆ ئەو تاوانبارانه له هەر شوێنێک له سێداره ندرێن گرنگ ئەوەیه که یاسا رۆڵی خۆی گێراوەو رۆڵی یاساش یەکێکه له بنەما سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. خۆ ئەگەر چاوێک به مێژوودا بخشێنین کەم نین ئەو قرکردنه مرۆییانەی له سەر دەستی زۆرێک له هاوشێوەکانی عەلی کیمیایی روویان داوه، له چیشتێ ۆلۆکۆست و قرکردنی ئەرمەنیەکان وئێستاشی پێوەبێت ئەو دادگایی کردنانه بەردەوامەو به شێوەیەکی یاسایی رێک و پێک دەچێته پێشەوه، بەڵام تا ئێستا گوێ بیستی ئەوه نەبووین که نازییەک برابێته ئیسرائیل و لەوێ له سێداره درابێت. هەر بۆیه ئێمه دەبێ پێمان وابێ دادگایی کردنی تاوانبارانی کارەسساتی هەڵەبجەو ئەنفال و ئەو نەهامەتیانەی بەسەر خەڵکی کوردا هاتووه ناکرێ به له سێدارەدانی چەند تاوانبارێک کۆتایی پێ بێت و ئیتر شانمان خاڵی کەینەوه و وابزانین ئیتر هەموو شتێک کۆتایی هاتوه. ئەوەتا لەو لاشەوه بریندارانی هەڵەبجه رۆژانه گیان له دەست دەدەن و ئەو ئۆردوگایانەی که بۆ کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دروست کرابوون تا ئێستا ماون وژیانی کوله مەرگی تێدا دەگوزەرێنرێ، له کاتێکدا ئەمانه وەک خۆیان ماون و لەو لاشەوه به هەندێ شتی رەواڵەتی دەیانەوێ چاوبەستەگی لەو خەڵکه بکەن و ئەمەش بۆ خۆی ئەنفالێکی تره لەو ئەنفالستانەدا.